ئاشتی عەبدوڵڵا



# دیاردەی تەحەروش و دەستدرێژی



تاقە دیاردەیەك كە هەموو كۆمەڵگەكانی جیهان كۆكن لەسەری و هاوشێوەن، بریتییە لەدەستدرێژی كردنە سەر ڕەگەزی مێ، دەستدرێژییەكەش جۆر و شێوەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر لەجیاوازی ڕەگەزی و جێندەرییەوە بگرە تا دەگاتە بەكارهێنانی توندوتیژی دەروونی و جەستەیی و فیزكی و دەستدرێژی سێكسی بە تۆپزی و كوشتن و سووتاندنی ئافرەت بەگشتی. بەڵام لەڕووی یاساییەوە ئەم دەستدرێژییانە پێشێلكردنی مافی مرۆڤ دەگەیەنن و بەتاوان ناوزەد دەكرێن و سزا چاوەڕێیانە، لەزۆربەی وڵاتەكانی دنیادا یاسا سەروەرە و بەبێ جیاوازی و بەیەكسانی بەسەر پادشا و گەدادا جێبەجێ دەكرێت و دەستدرێژكار بەسزای ڕەوای خۆی دەگات!

بەڵام هەندێك شێوازی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەت لەئارادان كە زۆر ئاشكرا نین و شاردراوەن و بەپێی دابونەریت و كولتووری هەر كۆمەڵگەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت و ڕێژەیەكی زۆر لەدەستدرێژكاران وەكو بەرزەكی بانان بۆی دەردەچن و بۆیان دەچێتە سەر. ئەم دیاردەیە حاڵەتێك فەراهەمدەكات لەلایەكەوە تاوانبار و كەتنكار بەردەوام دەبن لەڕشتنی ژەهری خۆیان و لەلایەكی ترەوە ڕەگەزی مێ (دەستدرێژی بۆ سەركراو) دەبنە قوربانی و فێردەبن ببنە كۆیلەو كەسێكی وەرگر و بێدەنگ و ڕازی و دەستەمۆ. فێردەبن ڕاستی بشارنەوە و بەدزییەوە خیانەت بكەن. بەڵام بابزانین ئەم حاڵەتە چۆن وەها هەڵدەسووڕێ و كێن ئەوانەی كە دەستدرێژی دەكەنە سەر ئافرەت؟

ئەوەی كە مەبەستە، تەحەروش یان دەستدرێژی سێكسیە بۆ سەر ئافرەتی كورد و لەكۆمەڵگەی ئەوڕۆماندا. لەڕاستیدا لەزۆر جێگە تەعدا و دەستدرێژی و هەوڵی لاقەكاری دەكرێتە سەر ئافرەت و كچی كورد و زۆربەشیان ڕوو دەدەن و ئاشكرا نابن و چەند جارەش دەبنەوە و تاوانكار بریسكەی سمێڵی دێت؟ ئافرەتی كورد لەنێو خێزاندا، بەڕێژەیەك كە (داتاكان ونن و هیچ لەبەردەستدانین) لەلایەن باوك یان برا و بەرێژەیەكی كەم لێرە و لەوێ دەستدرێژی دەكرێتە سەر، بەڵام لەلایەن مێردی دایكەوە (باوەپیارە) وە بەڕێژەیەكی زۆرتر هەوڵی لاقەكردنی ئافرەت یان كچی كورد دەدرێت. لەلایەن ئامۆزا و خاڵۆزا و پورزاوە ڕێژەكە بەرزتر دەبێتەوە. هەروەها لەلایەن دەرو دراوسێ و كەسووكارەوە بەگشتی، ئافرەت و كچی كورد دەستدرێژییان دەكرێتە سەر و هەر ڕەگەزی مێیە كە گورزی كوشندەی بەردەكەوێتەوە و دەستدرێژیكار لێی قووتار دەبێت.

لەنێو دامودەزگاكانیشدا دیسانەوە، زۆرێك لەبەڕێوەبەر و بەرپرسی دەستگای حكومی و حزبی دەتوانن بەئاسانی دەستدرێژی بكەنە سەر ئافرەتان و لەبەر شەرم و ناوزڕاندن و بەرژەوەندی لایەنی ئافرەتەكە پەردەپۆشی لێدەكرێت و ئاشكرا ناكرێت. لەسەر شەقام و لەبازاڕدا و لەكۆڵانەكانیشدا دیسانەوە ئافرەت نقورچی لێدەگیرێت و دەستدرێژی جەستەیی و دەروونی دەكرێتە سەر، ئافرەت لەدیدی پیاوەوە حسابی نێچیر و دامركەرەوەی سێكسی بۆ دەكرێت. بەجەستەیەكی نەرمونیان و خۆراكێك دادەنرێت كە لەكەسێتییەكی لاواز و بێهێز و شەرمن و بێدەنگ و ڕەزامەندا حەشار دراوە، شەرعییەت و ڕەوایەتی دەست بۆ بردن و پەلاماردانیشی لای پیاوەوە فەرمانی بۆ دەدرێت!

لەدوو جێگەی دیكە، بوار دەڕەخسێت بۆ دەستدرێژی كردنە سەر ئافرەت، كە ئەوانیشی لەنێو تاكسی و دوكانی جل و بەرگ و ماكیاژ فرۆشی ئافرەتانەیە. بەڵام لەزانكۆ و لەكلینیك و لەعەیادەی پزیشكی و لەخەستەخانەدا بوار بڕەخسێت بۆ پەلامار و دەست بۆ بردن و دەستدرێژیكردنی سێكسی بۆ سەر ئافرەتان جێگەی داخ و خەفەتە. ئەو سێ جێگایە مینبەر و شوێنی ناچاری و پێویستی و پیرۆزن سێ شوێنن كە مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو خەبات و كۆششی نەپساوە و بەردەوامی بۆ بەرپاركراون كە لەخزمەت و هاوكاری مرۆڤدان. ئەوانەی لەم سێ شوێنەدا كاردەكەن دەبێت وەكو گاندی و ڤۆڵتێر و مادام تێرێزا و عیسای مەسیح لەخزمەت بەرز ڕاگرتنی بەهای مرۆڤ و ئاسوودەتركردنی تەندروستی و ژیانی مرۆڤدا بەردەوام و بێهەدادان كارو كۆشش بكەن و وەكو فریشتە ڕەفتار بنوێنن. بەڵام زۆر بەپێچەوانەوە لەو جێگایانەدا بەنهێنی و نیوە ئاشكرا پەلاماری ئافرەت دەدرێت. دەستدرێژی دەكرێتە سەر نامووس و بەهای بەرزی ڕەگەزی جوان و بێگوناهی ئافرەت و بكەرەكانیش لەدكتۆرەوە بۆ كاڵفام و مالۆسە زۆرەكانی ئەمرۆژگارە شوومە، بێخەم و بێوەی و بێتاوان بۆی دەردەچن!

# نەریتێکی کۆمەڵایەتی ناپەسەنـــــــــــد

**لەسەرجەم ئایینە ئاسمانیەکان و تەنانەت ئایینە تەوتەمیەکانیش سوێندخواردن بەتەڵاق ناپەسەندە، زانایانی ئایینیش ئاماژە بەوە دەکەن هەر کەسێک سوێند بەتەڵاق بخوات وەک گاڵتە کردنێکە بەو گرێبەستی هاوسەرگیریەی کە لەنێوان دوو کەسدا هەیە و خێزانێکیان پێکەوەناوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەلای هەندێک پیاو لەکۆمەڵگەی**



### سوێند بەتەڵاق خواردن دەبێتە هۆی کەمکردنەوە نرخی هاوسەرگیری

هەمیشە مێردەکەم بەبێ هیچ هۆکارێك سوێندەکەی بەتەڵاقە، ئەمە قسەی شۆخان عەلی ماموستای بنەڕەتی بوو، شۆخان بە نیگە را نییە و ە باس لەوە دەکات کە هاوسەرەکەی لەشوێنە گشتیەکان و لەکۆڕ و کۆبوونەوەکان سوێند بەتەڵاق دەخوات و ڕاهاتووە لەسەری و دەڵێت: (ماوەی هەشت ساڵە شووم کردووە، چەندین جار هاوسەرەکەم لەکاتی توڕەبوون بێ بیرکردنەوە سوێندی بەتەڵاق خواردووە، بەڵام زوو پەشیمان بووەتەوە، بەبڕوای من سوێند خواردن بەتەڵاق لەلایەن پیاوەوە دەبێتە هۆی بەکەم زانینی پرۆسەی هاوسەرگیری.

### ئەگەر بەقسەی نەکەم سوێند بەتەڵاق دەخوات

شۆخان باس لەوە دەکات پیاوان کاتێك سوێند بەتەڵاق دەخۆن کە بیانەوێت قسەی ئەوان سەرکەوێت و کەس ڕێگریان نەبێت و دەڵێت: (هاوسەرەکەم ئەو کاتەی دەیەوێت قسەی خۆی بسەپێنێت سوێند بەتەڵاق دەخوات، چونکە ئەگەر لەهەر کارێکدا بەقسەی نەکەم یەکسەر سوێند بەتەڵاق دەخوات لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم پیاوان بەو سوێندە دەیانەوێ ژنەکانیان ناچاربکەن لەقسەیان دەرنەچن و لەژێر دەسەڵاتی خۆیان دابن).

کەژاڵ نوری فەرمانبەر لەوەزارەتی کار

پێیوایە ئەو کەسانەی سوێند بەتەڵاق دەخۆن زیاتر ئەو مرۆڤانەن کە بەپێوەندی هاوسەرگیرییان دڵخۆش نین، هەروەها نەبوونی هۆشیاریش هۆکارێکە بۆ ئەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری لەلایەن پیاوەوە پشتگوێ بخرێت و دەڵێت: (پیاو بۆ دەرخستنی توانا و دەستڕۆیشتوویی خۆی سوێند بەتەڵاق دەخوات و هیچ پیرۆزییەك بۆ هاوسەرەکەی و گرێبەستی هاوسەرگیریی دانانێت).

ئەیوب حەمەدئەمین دوکاندار تەمەن ٣٤ ساڵ دەڵێت: (هەر لەمنداڵیەوە دوکاندارم، بۆ ڕەواجدان بەکەلوپەل و شتوومەکی دوکانەکەم زۆرجار ناچارم سوێند بەتەڵاق بخۆم، ئەگەر سوێند بەو وشەیە نەخۆیت خەڵك هەیە باوەڕت پێناکەن، چونکە زۆر متمانە لەنێوان فرۆشیار و کڕیاردا نییە) ئەیوب هەروەها دەڵێت: (لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا پیاو سەری زمان و بنی زمانی تەلاقە، زۆربەی پیاوانیش بۆ ڕاییکردنی ئیشوکاری ڕۆژانەیان بەکاریدێنن).

وەلید عەلی خاوەنی نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەیە، یەکێکی ترە لەو کەسانەی کە زۆر سوێند بەتەڵاق دەخوات، وەلید پێیوایە پیاوە گەورە و ڕیش سپیەکان هۆکارن بۆ فێربوونی خەڵك بەسوێندخواردن بەتەڵاق و دەڵێت: (زۆر جار پیاوە ڕیشسپی و بەتەمەنەکان سوێند بەتەڵاق دەخۆن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارێکی نارێکە، چونکە وا دەکەن خەڵکی زۆر چاویان لێبکات)، وەلید ئەوەی نەشاردەوە زۆر کات لەکاتی ئەنجامدانی کاروکاسبیدا سوێند بەتەڵاق دەخوات و دەڵێت: (ئەگەر لەکاتی کڕین و فرۆشتنی زەویەکدا سوێند بەو وشەیە نەخۆیت بڕوات پێناکەن، لەبەر ئەوە هەندێك جار تەلاق بەکاردێنم و لەسەری ڕاهاتووم).

سۆلین عەلی توێژەری کۆمەڵایەتی لەسەنتەری چارەسەری دەروونی ئاماژەی بەوەدا سوێند خواردن بەتەڵاق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی تاکاکانی کۆمەڵگەی ئێمە وەك نەریت مامەڵە لەگەڵ درۆ کردن دەکەن و تەلاق تاکە ڕێگەیە بۆ ئەوەی کە تاکەکان باوەڕ بەیەکتری بکەن، سۆلین دەڵێت: (بەداخەوە لەکۆمەڵگەی ئێمەدا سوێند خواردن بەتەڵاق بووەتە کەلتوور و زۆر کەس سوێند بەهەرشتێکی تر بخوات باوەڕی پێناکەن ئەگەر بەڕاست یان بەدرۆش بێت، بەڵام کە وتی (بەتەڵاقم)ئیتر مەسەلەکە کۆتایی پێدێت و باوەڕی پێدەکەن، ئەمە بێجگە لەوەی سوێند خواردن بەتەڵاق بۆ بڕینەوەو کۆتایی هێنانە بەمەسەلەکان و بەڕای هەندێك کەس ئاساییە سوێندەکانی تر درۆی تێدا بێت و نا واقیعی بێت، بەڵام کە تەلاقی خوارد درۆی تێدا نییە، سەبارەت بەو پیاوانەی کە لەسوێندەکانیاندا تەلاق بەکاردێنن، سەرسوڕمانی خۆی نیشاندا لەوەی کە زۆر لەو پیاوانە لەپلەیەکی پیشەیی بەرزدان و ئاستی ڕۆشنبیریشیان باشە، کەچی لەکۆڕو کۆبوونەوە و لەشوێنی ڕەسمیدا سوێند بەتەڵاق دەخۆن.

ئەو کەسانەی پەنا دەبەنە بەرسوێند خواردن بەتەڵاق لەڕووی دەروونییەوە کێشەیان هەیە، چونکە غەدرێکی زۆر گەورە لەخۆیان و بەرامبەرەکەیان

## به تەڵاق

# ـــــــد و بەپیرۆز نەزانینی هاوسەرگیری

**کوردەواری وشـــەی تەڵاق بۆ هەموو مامەڵەیەکی ڕۆژانە و کار و کاســبی بەکاردێت، بەشـــێکیش لەو پیاوانـــە ئاماژە بـــەوە دەکەن کە ئەوان خوویان پێـــوە گرتووە و بۆیان تـــەرک ناکرێت، هەندێکی تر لەپیاوان ســـوێندخواردنیان بەتەڵاق بەناچاری لەقەڵەم دەدەن، چونکە هەر سوێندێک بخۆن باوەڕیان پێناکەن.**



دەکەن، لەمبارەیەوە هانا کەریم توێژەری دەروونی لەســـەنتەری چارەســـەری دەروونی پێیوایە گرێبەســـتی هاوســـەرگیری پیرۆزترین بنەماکانی ژیانی ئادەمیـــزادە و دەڵێت: (هەندێك پیاو هەن بۆ هەر شـــتێك ســـوێند بەتەڵاق دەخۆن ئەمەش خۆی لەخۆیدا نیشـــانەی ئەوەیە کە ئەو کەســـانە لەڕووی دەروونییەوە گرفتیان هەیە، چونکە سوێند بەپیرۆزترین ڕوکنی ژیان دەخۆن)، هانـــا پێیوایە گرفتی دەروونی هەندێك جار بەســـەر لایەنی زهنی مرۆڤدا زاڵدەبێت و دەڵێت:(زۆر جار کەســـێك بەهۆی کێشـــەیەکی کۆمەڵایەتییەوە تووشـــی گرفتێکی دەروونی دەبێت لەبەر ئەوە ئەو کەســـە بیر لەوە دەکاتەوە بەشـــتێك خۆی ڕزگاربکات، ئا لەم کاتـــەدا دەگاتە حاڵەتێکی دەروونی کە پەنا بۆ هەموو شـــتێك دەبات و هەندێکجار کەسانێك هەن کەهیچ گرفتێکی کۆمەڵایەتیان نییە، بەڵام سوێند بەتەڵاق دەخۆن ئەمانە نەخۆشی دەروونیان هەیە)).

### غەدرێکە لەئافرەت دەکرێت


کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی نەریتیە زۆر حســـاب بۆ هەستی ئافرەت ناکرێت پیاوان بەئارەزووی خۆیان یاری بەو گرێبەســـتە دەکەن کە هەموو ژیانی ئەو ئافرەتەی پێوەی بەندە، لەمبارەیەوە هێژا ئەنوەر چالاکوان لەبواری مافەکانی مرۆڤ پێیوایە ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە بەشـــێوەیەکی زۆر سادە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ئەو بەندو گرێبەستانە دەکەن کە پێوەندی بەژیانی ئافرەتانەوە هەیە و دەڵێت:(ســـوێندخواردن بەتەڵاق تاوانێکە پیاو دەرهەق بەهاوســـەرەکەی دەیکات، چونکە وشـــەی تەڵاق زۆر قورسە، بۆ ئەوەی هەر کەسێك بەئارەزووی خۆی بەکاری بهێنێت، لەڕووی یاساییەوە زۆر بەوردی مامەڵە لەگەڵ وشـــەی تەڵاق دەکرێت، بەڵام ئەوەی کە زۆر سەیرە زۆر کەس بەئارەزووی خۆیان یاری بەو وشەیە دەکەن لەهەر کارێکدا تووشـــی ڕێگری بن ڕاستەوخۆ بەکاری دەهێنن، ئەوەی من تێبینم کردووە یاســـا و ئایینیش زۆر بەوردی مامەڵە لەگەڵ ئەم چەمکە دەکات، بەڵام نەبوونی هۆشیاری یاسایی و ئایینی هۆکاری ئەوەیە کە خەڵکانێك سوێند بەتـــەڵاق بخۆن، مـــن وای بەباش دەزانم کە لیژنەی یاســـایی و لیژنەی ژنان و ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردســـتان یاسایەك هەموار بکەن کە سزای تایبەتی دابنێت بۆ ئەو کەسانەی چەمکی تەڵاق زۆر بەکاردەهێنن، چونکە بەکارهێنانی ئەو وشـــەیە غەدرێکە لەژن دەکرێت، و کاری پەرلەمانتارانە سنوورێك بۆئەم حاڵەتە دابنێن).

ئومێد عەبدولسەلام پارێزەر و شارەزا لەبواری یاسای باری کەسی جەختی لەوەکردەوە کە لەڕووی یاســـاییەوە بەسوێندخواردن کەس تەڵاقی ناکەوێت، چونکە یاســـا ئەم جۆرە تەڵاقانە وەرناگرێت و دەڵێت:(دەقێکی یاســـایی نییە ئاماژەی بەم بابەتە دابێت، لەبەر ئەوەی لەڕووی یاساییەوە ئەم جۆرە تەڵاقانە بەتەڵاقی هەڵواســـراو دادەنرێت و هیچ بایەخێکی نییە، واتا کەس بەسوێند خواردن تەڵاقی ناکەوێت، بەڵام ئەو کەسە بۆ هەتاهەتایە متمانەی لەناو خەڵکدا لەدەست دەدات).

لەڕووی شـــەرعەوە تاچەند ئایین گرنگی بـــەم بابەتەی داوە، لەمبارەیەوە مامۆســـتا عەبدوڵڵا شێرکاوایی ئیمام و خەتیب لەسۆران و بەڕێوبەری نووســـینی گۆڤاری پەیامی زانایـــان ئاماژەی بەوەدا کە ســـوێندخواردن بەتەڵاق دەچێتە خانـــەی تـــاوان و سوێند خواردن تەنیا بەخـــوا جائیزە و دەڵێت:(بێگومان ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕوونی کردۆتەوە کە ســـوێند تەنیا بەخوایە وەك پێغەمبەر درودی خـــوای لێبێـــت دەفەرموێت:(مـــن کان حالفـــا فلیحلف بالله أو لیصمت) واتا ئەو کەســـەی کەدەیەوێت سوێند بخوات تەنیا بەزاتی خودا ســـوێند بخوات یان خۆی لێبێدەنگ بکات و سوێند بەهیچی تر نەخوات) لەدەقێکی تری پیرۆزدا پێغەمبەر درودی خـــوای لێبێـــت دەفەرموێت:(لاتحلفوا بابائکـــم ولا بامهاتکـــم والانداد ولاتحلفـــوا باللەالا وانتم صادقـــون)، واتا دەڵێت نابێت ســـوێند بەدایك و باوك و نەژاد بێت، ئەگەر ســـوێندتان بەخوداش خوارد با ڕاســـتگۆ بن). واتا لەڕووی شەرعەوە نابێت سوێند بەتەڵاق بخورێت و سوێند خواردن بەتەڵاق دەچێتە خانەی تاوانەوە.

مامۆســـتا عەبدوڵڵا باس لەوە دەکات کە ســـوێندخواردن بەتەڵاق لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا بۆتە کەلتوور، ئەمەش دەچێتە قاڵبی گوناهەکانەوە، ســـەبارەت بەو کەسانەی کە ســـوێند بەتەڵاق دەخۆن ئایا تەڵاقیان دەکەوێت مامۆستا عەبدوڵـــڵا دەڵێت:(زۆربەی هەرە زۆری زانایانی ئایینی پێیانوایـــە کە بەهـــۆی ســـوێندخواردنەوە پیاو تەڵاقی ناکەوێت، بەڵام ســـوێندخواردن خۆی لەخۆیدا وشەیەکی قورسە ناکرێت بۆ هەموو شتێك بوترێت واتا تەنیا لەچەند حاڵەتێکی تایبەتیدا مرۆڤ بۆی هەیە ســـوێند بخوات ئەویش تەنیا بەخودا.

# کوژرانی ئەو ژنەی مێردەکەی خۆی کردیە کەنیزەک و بە پیاوێکی تری بەخشی..



کچانی لادێی جاران، شەدە بەسەرو پشتوێن کەمەر، بە لەنجەو لار، بەوپەڕی ئومێدەوە بە پێی خۆیان دەچوونە شار، لەوێ بەروبومی شیرو ماست و پەنیرو سەوزەو دۆو میوەیان ساغ دەکردەوەو قەندو چاو نەوت و جلوبەرگیان پێ دەکڕی و بە ڕووسوری و ئازادانە بەرەو ماڵ دەگەڕانەوە، ماڵێك کە هێلانەی بەختەوەری و کامەرانییان بوو، چونکە کەس لەو ماڵەدا بەزۆر خۆی فەرز نەدەکرد لەسەریان، کە دەچوونە ناو ڕەزو سەرکانی یان کاتێ ملی ڕێی سەفەرێکیان بگرتایەتە بەر، ئەوێ ڕۆژانێ کەسێك حەددی نەبوو لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێت، کەسیش نەیدەوێرا قۆرت و کەندو کۆسپیان بۆ دروست بکات، لە ناو هەندێك هۆزی کوردانی چیادا کچ هێندە بەڕێزو شکۆوە تەماشا دەکرا، بە جوانترین شێوە خۆی دەڕازاندەوەو لە پێشی کاروانەکانیانەوە دادەنرا، وەك سەربەستترین و جوانترین مرۆڤی ناو هۆز خۆشەویست بوو، کەچی ڕۆژگارێك هاتە پێشەوە بیرۆکەو داب و ئەتەکێتی بیاباناوی ڕووی کردە ناو کۆمەڵگەو لە پێگەو سەنگی بەرزی چیا ئاسای کچانی؛ لای هەندێ پیاوی بیر تەسکی سونەتی هێنایە خوارەوە، دەبێت تاوانی ژنە کارگوزارێکی ڕەش ئەسمەری بەژن و باڵا دەستەی خوێن شیرینی ڕەزا سووك چی بێت کە تا شەو درەنگانێك سەربەرزانە لە مۆڵێکدا بۆ وەدیهێنانی خەون و خولیای مناڵەکانی کار بکات، گەڕانی چەرخی چاخی چەپەڵ ڕۆژگارێکی بۆ ناجوامێری پیاوانێك ڕەخساندبێت و کەسانی وەك نون و دال ی تێدا هەڵبکەوێت تا لە ئافرەتێکی کاف ئاسا نزیك ببنەوەو لێی ببنە چاوی شەیتان و لە گەمارۆدا بیگەوزێنن، پێوەندی دال بە کافەوە گەرچی بە حیساب پێوەندی مێردە بە ژنەکەیەوە بەڵام وەك لە ئیفادەی شایەتەکاندا ڕادیارە کە پێوەندی کەسێکی ڕەوشت نزم بێت بە کابرایەکی دەوڵەمەندەوە کە تەنیا ئاڵوودەی سێکس و ڕابواردنە لەگەڵ لەشفرۆشەکاندا، ئیتر بەم شێوەیە یەکێکیان وەك مێردێکی سپڵە کە بە نیەتی بازرگانی کردن بە لەش و لاریەوە کاف دەخوازێت و ئەوی تریان بە ناوی عەشقی لەشولاریەوە دەبێتە دۆستی و بارودۆخی خێزانی و بژێوی زەحمەتی ئەم ئافرەتە دەقۆزێتەوە، هەر کامیان بە مەرام و شێوازێك ئەسرینی ڕوون و ئاڵ و گەش دەخەنە سەر گۆنای و دوا جاریش گرتەی مۆبایلی لەسەر بڵاودەکەنەوەو لە ئاکامدا بە چاوی چەپی غەدارێکی نزیکی خۆی کە برایەتی، سیلەی لێ دەگیرێتەوەو پەنجە بە پەلەپیتکەی تفەنگدا دەهێنرێت و دەسڕێژی گوللە دەڕژێنێتە ناو دڵیەوە..

لێرەوە دەبێ وردتر باس لەم ڕووداوە بکەین کە لە بەڕێوبەرایەتی نەهێشتنی تاوان دۆسیەکەیمان لێ داوا کردن:

ڕەنگە شاری گەورەش وەك لادێی گچکە ئاکارو کردەوەی مەزنی مرۆڤەکانی کە تێیدا نیشتە جێن پیرۆزو جوانی بکەن، ئەگەر ئاکارو هەڵوێستی مرۆڤەکانی لە بەرانبەر یەکتر جوامێرانە نەبن، شار وەك گۆمی لیخنی لێ دێت کە ئۆکسجینی تێدا نامێنێ، نون و دال دوو پیاوی داوێن پیسن کە گۆمەکە لیخن دەکەن و ئافرەتێکی وەك کافی تێدا دەخنکێنن، کاف ئەو ئافرەتە شەنگەیە کە بەردی بەختی بە ناسینی دال کەچ دەبێت و بە نابەدڵی و لەبەر بارگرانی ژیانی ماڵە باوانی خۆی، شوو بە دال دەکات، کاتێ کاف بە ناوزڕاوی دەکەوێتە دارستانی شارەوە، دالی مێردی گەلەگورگێکی دڕندەی پێ دەناسێنێت، تا لە ئاکامدا براگەورەی کاف هەر بەو پەنجەیەی کە لە مناڵیدا ئاماژەی بۆ مانگ دەکرد تا کاف بیبینێت، دەستی بە پەلەپیتکەی تفەنگدا دەنێت و ڕۆحی دەبات بە ئاسماندا، کاف کە قوربانی دەستی دوو پیاوی وەك دال و نونە، بە دوای قرمژنی گوللەوە چاوی لێکدەنێت بەڵام نەك وەك ئەو چاولێنانەی کە لە تاریکیدا بە مناڵی چاوشارکێی لەگەڵ براکانیدا دەکرد، ئەمجارە هەر لە تاریکایی شەودا لە دوای چاولێکنان، ژوورێك پڕ لە خڵتانی خوێن دەبێت، ئەو ڕەنگە سوورەی لەو ژوورەدا جۆگەلەی دەبەست، لەو ڕەنگە سوورە نەدەچوو کە لە ژێر دارهەنارەکەی باخچەکەیان بە گوڵەکانەوە نیشتبووەوە، هێشتا بۆنی باروتی شێدارو گەرمایی تەرمەکە مابوو کە برا بکوژەکەی بە گریانەوە خۆی بە مەخفەری پۆلیسدا کردو هاواری بۆ کردن ((تاوانم کردووەو لێی پەشیمانیش نیم)) پەشیمان نەبوونی برای کاف لەسەر کوشتنی خوشکەکەی ئەو حەقیقەتە تاڵە دەکێشێت بەسەر تاشە بەردەکانی کەلتوورێکدا کە لە لایەکەوە ناموس دەپەرستێ و لەلایەکی تریشەوە زۆر بە ئاسانی هەوڵی دەرکێشانی ڕۆحی ئەوانە دەدات کە بۆ چێژێکی کاتیی لەشیان سەوداو مامەڵەی پێوە دەکرێت، کەلتوورێکە وەك قوماشێك مەرگی لەناودا شاردراوەتەوەو یەکالادەکرێتەوە بۆ ئەوانەی دەکەونە داوی گەلەگورگەوەو لە ئەندامانی جەستەیان چێژ وەردەگرن، لە دوای لمۆز سوور بوون ئیتر گەلە گورگ دەڕۆنەوە پشتەوەی چیا نوتەك و پڕ دەهلیزەکانی هەست نەکردن بە بەرپرسیاری، لەوێ بەو چەند دڵۆپە خوێنە سوورەی کاف ئاساکانەوە کە نە لە هەورەوەو نە لەئاسمانەوە دەبارێت، خەیاڵی بەدمەست بوون دەیانباتەوە، هەر ئەو کەلتوورە بە عەقڵیەتی ڕۆژهەڵاتی پارێزگاری لە مێینە دەکات کە نابێت بە ئازادی و بە میزاجی خۆی کچان هەڵسوکەوت بکەن، ئەگەر نا کەلتوورەکە کچەکە دەکاتە تەرم و لە بەشی توێکاری نەخۆشخانەیەك فڕێ دەدرێت و کەسوکاریشی بە شەرمەوە دەیبەنەوەو پرسەشی بۆ ڕاناگەیەنن، کە کەسێکی وەك کاف پێی بەرەو ئەو لێرەوارە سامناکە هەڵدەخلیسکێنن، کەسانی دەوروبەری لە بری ئەوەی فریای بکەون و هەوڵی ڕزگارکردن و چاکبوونەوەی بدەن، ئەوانیش یان پشتی تێدەکەن و بە چاوی خائین لێی دەڕوانن و لێی بێ بەری دەبن،وەك چۆن زیاتر لە ساڵێك کەسوکاری نزیکی کاف بە خوشکەکەشیەوە لێیان نەپرسیبۆوە، یان جەستەی خەڵتانی خوێن دەکەن، وەك چۆن براکەی بە ویژدانی حەساوەوە ئەو ئەرکەی کەلتوورە بەردینیەکەی جێبەجێ کردو زاڵمانە کافی دایە بەر گوولله، ئەم کەلتوورە ڕۆژهەڵاتیە پڕە لە دژیەکی و گرێ و پابەندە بە جۆرەها داب و نەریت و توندڕۆیی ئایینیەوە، تەنانەت لە کاتی کوشتنی ئافرەتەکەدا کردەوەی دژ بە ئاینیش ئەنجام دەدرێت و بە ڕواڵەت دروشمی ئاینی دەکرێتە هەنجەت لای بکوژەوە، خۆ گەر ساغ بێتەوە دال مامەڵەی لەشفرۆشتنی بە خێزانی خۆی کردبێت ئەمەش بێ سزا دەرناچێت یان نون کە ئەویش بە بەشی خۆی لەم سەودا ومامەڵەیە بەشداری کردبێت پێویستە سزا وەربگرێت، چونکە تەنیا بکوژی سەرەکی تاوانبار نییە بەڵکو کەسانی تریش ڕێ خۆشکەر بوون بۆ ئەم تاوانی کوشتنە، مرۆڤ کەلوپەلێکی نزم نییە تا مرۆڤێکی تر چۆنی بوێت ئاوها بەکاریبهێنێت و ئاڵووشی سێکسی کەسانی تری پێ دامرکێنێتەوە، وا دەردەکەوێت هەر لەسەرەتای خواستنی کاف لە لایەن دالەوە هیچ بایەخێك بە بیرو ڕای کاف نەدراوە لە هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیدا،ئیتر لە ژێر سێبەری نێرسالاریدا کافیان توانۆتەوەو نەیانهێشتووە ببێتە خاوەن کەسایەتییەکی مرۆڤانە، وەك چۆن زمان و دەنگ و جەستەو گیرفانی هەر بۆ پیاو قۆرخ دەکرێت بەو شێوەیە هەر پیاویش خوێنی دەڕژێنێت و لە ناوی دەبات.